کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-1-2007 20:07

# لەکۆمەڵگای کوردیدا ئاستی مرۆڤایەتی و پێوانەی کەسایەتی تەنها لە بازنەی ئاینیدایە ... هەستیار غەمگین



یەکێ لەو هەڵە زەق و بەر چاوانەی کە وەکو دیاردەیەکی لە مێژینی کوردەواری ماوەتەوە و تاکو ئەمڕۆش لە زۆربەی شوێندا کاری پێدەکرێ ئەوەیە کە بەهاو ئاستی مرۆیی و پێوانەی کەسایەتی یان تەنها لە بازنەی ئایندا دۆزیوەتەوە، ئەوەی لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا بووبێت و هەڵگری شوناسێکی غەیرە دین بووبێت لە چوار چێوەی مرۆڤدا لێی ڕوانراوە و لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا متمانەی پێ نەکراوە.

دیارە ئەم تێڕوانین و هەڵسانگاندنە هەڵەیە تەنها لە کوردەواریدا کاری پێنەکراوە، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا کاری پێکراوەو دەکرێ، بەڵام لەکۆمەڵگای ئێمەدا سەرەڕای ئەو هەموو پێش کەوتنەش لە زۆربەی کایەکانی ژیاندا هێشتا ئەو پێوانەیە کاری پێدەکرێ.

ئەمەش لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە کاتێك خێزانێك دەیانەوێ کچێك بۆ کوڕەکەیان بخوازن تاکە خاڵی سەرەکی کە ڕووکەشیەن لێیان ڕوانیوەو لێی دەڕوانن ئەوەبوە کە ئەو کچە باڵا پۆش بووبێت و سەرپۆشی بەسەرەوە بوبێت، ئیدی بێ ئەوەی گوێیان بەوە دابێت کە ئەو کچە لەبەر چی سەرپۆشی بەسەردا داوەو خۆی داپۆشیوە!!

زۆرێك لەو ئافرەتانەی کە سەرپۆشیان بەسەردا داوە کە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ زۆرێکیان، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خویان پێوە گرتووە، یان لە ترسی خانەوادەیە، یان هیچیان نیەو خۆی تاقەتی ئەوەی نیە خزمەتی بکات و دای بهێنی و زوو زوو بیشوات، یان کە قاچی ڕووت ناکات و کاوبۆ لەبەر ناکات بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە لە خودا ئەترسێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە قاچیان باریك بووە یان توانای لابردنی مووی قاچی نەبووە لەکاتی لە بەرکردنی تەنوورەدا، بۆیە جبەیەکی سەهل و ئاسان لەبەردەکات و بێ گێرەو کێشەیە کە من بۆ ئەمە بەڵگەم زۆر ێ بووە کە هاوڕێی خۆم بوون.

بە پێچەوانەشەوە زۆرێك لە خێزانیش کچیان نەداوە بە ئەو کوڕانەی هەڵگری شوناسی دینی نەبوون و نوێژیان نەکردبێت، کە لێرەشدا زۆر کەس هەبوون هەڵگری ئەو شوناسەش بوون و بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕووەکانی ترەوە نوقسانی یان هەبووە مامەڵەیان خراپ بووەو دواتر لە سەر ئیسلام بە خراپ شکاوەتەوە.

ڕەنگە ئەمە بۆ ئەو حەدیسەی پێغەمبەر (د. خ) بگەڕێننەوە کە دەڵێت:" کاتێك کچتان دا بەهەر کوڕێك یەکەم پرسیاری لەبارەی دینەوە لێبکەن ئەگەر دینداربوو پرسیاری تری لێمەکەن" دیارە ئەمە لەکاتی خۆیدا تەواو بەجێ بووە، لەبەر ئەوەی کەسی دیندار بەتەواوی ڕەچاوی خاڵە مرۆییەکانی کردووەو ویژدان و لایەنە ئینسانیەکانی فەرامۆش نەکردوە.

بەڵام ئێستا لە وڵاتی خۆماندا کە بەداخەوە دەڵێم زۆرێك لەو کەسانەی کە نوێژیش دەکەن پابەندی ئەوە نین پارێزگاری لە دینەکەشیان بکەن، چونکە کابرا نوێژ دەکات و درۆ دەکات، نوێژ دەکات و دزی دەکات، نوێژدەکات و خیانەت لە خێزان و دراوسێ و گەڕەك و وڵاتەکەشی دەکات. دەی کەسێك هەڵگری ئەو هەموو کارە قێزەونەبێت یان هیچیانی تێدا مەوجود نەبێت بەدینیشەوە؟!



ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.

نازانم ڕێك و پێکی ژنێك لە چیدایە کەلەبەر ئە و ەی پارچە پەڕۆیەکی بەسەر و ە بێت ئیدی ژنێکی نمونەیی بێت و دەمەوەرو قسە هێنن و قسە بەر بێت و دڵپیس بێت هیچ گرنگ نەبێت بەلایانەوە،

ئێمە هەمیشە وا فێرکراوین کە حاجی یەکی قۆڵبڕو درۆزنمان لە مەشروب خۆرێکی نا درۆزن خۆشتر بویێت، هەمیشە وا فێرکراوین کە ئافرەتی لەشفرۆشمان ڕق لێبێتەوە و بە قەحبە ناوی بەرین، بێئەوەی لە هۆکاری لەشفرۆشیەکەی بپرسین، ئاخر نازانین زۆربەی ئەو کەسانەی لە لای ئێمە دەبوونە سۆزانی لەبەر نەبوونی لایەنی دارایی بوو نەك بۆ چێژ وەرگرتن، کە زۆرێکیش لەو ژنانە من ئاگاداریانم ئێستا وازیان هێناوە لەبەر ئەوەی ژیانی مادیان رووی لە باشی کردوە.

ئێمە ساڵانە بە دەیان هەزار کەس لە وڵاتی ئێمەدا سەردانی ماڵی خودا دەکەن کەچی کە دێنەوە هیچ کاریگەیەکی ئەو تۆیان بەسەرەوە نیە، ساڵانە لە جەژنی قورباندا بە هەزاران قوربانی دەکرێت و خەڵکی خێر دەکەن بەڵام بۆی بکرێت و بەدەستی بێت نانی دراوسێکەی دەبڕێت و ناهێڵێ هەناسەش هەڵمژن، دەی ئیسلامەتی کەی ئاوادەبی کە خەڵك لێت ئەمین نەبێ، دیارە ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئەو حەدیسەی پەیامبەری ئیسلامن کە دەڵێت:" موسڵمان ئەو کەسەیە، کە خەڵکی لە زمان و دەست و داوێنی بێوەی بن. . .

Hastiar2006@yahoo. com


ئەو نووسینانەی لە (کوردستان نێت) دا بڵاو دەکرێنەوە، بیر و بۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێیان بەرپرسیار نییە.